# تارمـــاییی گەڕانـــەوەی دۆنالـــد ترامـــپ بەســـەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت و دڵەڕاوکێـــی ئاســـایشیی کۆماری ئیسلامیی ئێران

**د. پەرویز ڕەحیم قادر**\ دکتۆرا لە فەلسەفەی زانستە سیاسییەکان- دیراساتی ئاسایشی نەتەوەیی\ مامۆستای زانکۆ

لەم ڕۆژانەدا هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی کۆمار لە ئەمریکا تەنیا لە سنوورەکانی ئەمریکا قەتیس نەماوەتەوە و، زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین ئەم هەڵبژاردنە بۆ هەموو جیهان گرنگ و چارەنووسسازە. لەم نێوەندەیشدا بۆ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چ بەهۆی جۆری پەیوەندییان لەگەڵ ئەمریکا و چ بەهۆی هاوکێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ململانێی ئەکتەرە هەرێمایەتی و سەرووهەرێمایەتییەکان لەم ناوچەیە، هاتنەسەرکاری ترامپ وەکوو تارماییەک دەبینین؛ ئەمەیش لە لایەک بەهۆی سیاسەت و کەسایەتیی خودی ترامپ و لە لایەکی دیکەیشەوە کاریگەریی سیاسەت و کەسایەتیی ترامپ لەسەر بارودۆخ و ئاسایشی جیهانی و ناوچەکە. تەنانەت وڵاتانی ئەوروپییش کە بە هاوپەیمانی نەریتیی ئەمریکا هەژمار دەکرێن، بەهۆی ئەزموونی ڕابردوویان لە ٤ساڵی سەرۆکایەتییەکەی، بەنیگەرانییەوە دەڕواننە دووبارە هاتنەسەرکاری ترامپ لە ئەمریکا.

بۆ هەرێمی کوردستانیش کە لە چەقی ململانێ و پێکدادانی هاوپەیمان و لایەنگرانی ئەمریکا وەکوو ئیسرائیل و وڵاتانی کەنداو و، دژبەرانی ئەمریکا وەکوو ئێران و گرووپە پرۆکسییەکانیدایە، ئەم هەڵبژاردنە هەم گرنگە و هەمیش هەستیار. هەڵە نییە ئەگەر بڵێین بەشێکی زۆری دڵەڕاوکێی ئێران، وەکوو ئەکتەری نەیاری ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکە، بووە هۆی ئەوەی کە کاندید و هەڵبژاردنێکی جیاوازتری سەرۆکایەتی لە ئێران ببینین و بەرهەمەکەیشی هاتنەسەرکاری "مەسعوود پزیشکیان" بێت.

ئەمەیش پێمان دەڵێت کە تارماییی گەڕانەوەی ترامپ وەکوو سەرۆککۆمار، کاریگەرییەکانی پێشوەختەی بەسەر سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکیی دەوڵەتانی ناوچەکە دەبینرێت. بۆ نموونە ڕووسیا هەوڵی داوە جەنگەکەی لەگەڵ ئۆکراینا درێژ بکرێتەوە بۆ ئەوەی کە لە ئەگەری هاتنەسەرکاری ترامپ و گوشارەکانی بۆ سەر ئۆکراینا، دەسکەوتەکانی لە ئۆکراینا جێگیر بکات.

ئیسرائیلیش بە هەمان شێوە لە پاڵپشتیی ترامپ دڵنیایە و ئەوە دەزانێت کە هاتنەسەرکاری ترامپ گوشارەکانی سەری لە ڕووی پاڵپشتیی سەربازی و بەستنەوەی بە مافی فەڵەستینییەکان و یاساکانی جەنگ و دامەزراندنی دەوڵەتی فەڵەستینی کەمتر دەکاتەوە. ئێرانیش هەر لەبەر ئەم هۆکارە دەیەوێت پێش هاتنەسەرکاری ترامپ کێشەکان لە ناوچەکە لە بەرژەوەندیی خۆی یەکلایی بکاتەوە.

تەنانەت تورکیایش کە لە ئێستادا ئۆپەراسیۆنێکی لە هەرێمی کوردستان دەست پێ کردووە، هەمان

ڕوانگەی هەیە کە پێش هاتنەسەرکاری ترامپ بتوانێت پێگەی خۆی بە شێوەیەک بەهێز بکات کە بتوانێت خۆی وەکوو هێزێک بناسێنێت کە دەتوانێت بەنوێنەرایەتیی ئەمریکا لە ناوچەکە ئاسایش و سەقامگیری دەستەبەر بکات و لەم نێوەندەیشدا سووریا و عێراق، بۆ تورکیا ئاڵقەی پێکگەیشتنی ئەم ستراتیژییەیە.

هەروەها هەوڵەکانی ئەردۆغان بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی، بەتایبەتی سعوودیا و میسر و ئیمارات وای کرد، کە تورکیا زیاتر وەکوو براوەیەک لە هاوکێشە جیۆسیاسییەکانی هەرێمایەتی دەربکەوێت و هەوڵی ڕۆڵبینین لە ئاستی نێودەوڵەتی بدات. هەروەها ڕووداوەکانی جەنگی ئەرمینیا و ئازەربایجان بەهۆی ساپۆرتی سەربازیی تورکیا، بەتایبەتی دابینکردنی درۆن براوەی سەرەکیی ئەم جەنگە، بووە تورکیا.

جگە لەمانەیش، بۆ وڵاتانی عەرەبییش هاتنەسەرکاری ترامپ دەتوانێت هەم دەرفەت بێت و هەمیش هەڕەشە؛ بەم واتایە کە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ چین و ململانێی ئەمریکا و چین، دەتوانێت هەڕەشە بێت و گرنگیی ترامپ بە بازرگانی و ئابووری، هەروەها توانای ئەو وڵاتانە بۆ کڕینی چەک و فرۆشتنی نەوت دەتوانێت دەرفەت بێت. چین لە لایەک کەڵک لە هێزی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەردەگرێت کە ئاسایشی ناوچەکە دەپارێزێت و پەیوەندییەکی پتەویشتی لەگەڵ نزیکترین هاوبەش و هاوپەیمانەکانی ئەمریکا وەکوو ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی کەنداودا هەیە و لە لایەکی تریشەوە، پەیوەندییەکی بەهێزیشی لەگەڵ ئێران و نەیارەکانی ئەمریکادا هەیە. هەر ئەمەیش وا دەکات کە چین بە کەمترین تێچوو زۆرترین دەسکەوتی دیپلۆماسی و ئابووریی هەبێت.

بۆیە هەڕەشە لە چین، هەڕەشەیە لە بەرژەوەندیی وڵاتانی عەرەبی و، لە سەردەمی ترامپیش بارگرژیی نێوان چین و ئەمریکا ئەگەرێکی بەهێز و چاوەڕوانکراوە. لە لایەکی دیکەیشەوە، وڵاتانی عەرەبی نیگەرانن لە سیاسەتی ترامپ کە وەکوو هێرشکردنە سەر دامەزراوەکانی ئارامکۆ و بێدەنگی، یان لاوازیی هەڵوێستی ئەمریکا لە هەمبەر ئێران، ئەم جارەیش ئەمریکا هیچ کاردانەوەیەکی نەبێت بەرامبەر هێرشی میلیشیا و پرۆکسییەکانی ئێران بۆ سەر ئەو وڵاتانە. هەرچەندە سعوودییەکان و وڵاتانی کەنداو دەتوانن براوەی سەرەکیی هاتنەسەرکاری ترامپ بن؛ بەو پێیەی کە هەم کەڵکیان لە دەرفەتە نێودەوڵەتییەکان وەرگرتووە و، لە ئاستی ناوچەییدا بەکاریان هێناوە بۆ بەدواداچوونی بەرژەوەندییەکانیان و، تەنانەت جێبەجێکردنی سیاسەتی بەرزەفڕانەی بن سەلمان لە چوارچێوەی ڕوانگەی ٢٠٣٠، دەتوانێت لە چوارچێوەی ڕوانگە و ستراتیژی ترامپ بێت.

**تێگەیشتن لە دۆکترینی دۆناڵد ترامپ**

ترامپ لە وتار و چاوپێکەوتنەکانیدا بەرنامەی خۆی ڕاگەیاندووە و لە ٨ی تەممووزدا کۆمارییەکان بەرنامەی ترامپیان لە پلاتفۆرمی هەڵبژاردنی حزبەکەیان تۆمار کردووە. لەم بەرنامەیەدا سێ ڕەگەز و بنەمای بنەڕەتی هەیە. کەمکردنەوەی ڕێسا و یاساکان، گرنگترینیانە کە سیاسەتێکی بنەڕەتییە بۆ کۆمارییەکان. بەپێچەوانەی ساڵی ٢٠١٧ کە ترامپ و ڕاوێژکارەکانی ئامادەکاریی پێویستیان بۆ سەرۆکایەتیی کۆماری نەبوو، ئەم جارەیان لەشکرێکی هێزی مرۆیی و بەرنامە و سیاسەتی پێویستیان ئامادە کردووە؛ وەک لە خولی یەکەمیدا بەڵێنی داوە بۆ هەر یاسایەک کە دەرچووە، دوو یاسا هەڵبوەشێنێتەوە.

بۆ تێگەیشتن و ڕوونبوونەوەی سیاسەت و ستراتیژیی ترامپ لە ناوچە، پێویستە و دەبێت ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی و دۆکترینی فەرمیی ئیدارەی ترامپ لە سیاسەتی دەرەوەی بەگشتی و لە هەمبەر کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی خولی یەکەمی سەرۆکایەتییەکەی (January 20, 2017 – January 20, 2021) بخەینە ڕوو. جێگەی ئاماژەیە کە هەموو ئەمانەیش لەژێر گوتاری America first واتادار دەبێت[1].

ئیدارەی ترامپ دۆکترینی خۆی لە سیاسەتی دەرەوەدا ناو نابوو "ڕیالیزمی پرەنسیپ تەوەر" (Principled realism). لە ڕاستیدا ترامپ پێی وا بوو کە هێزی ئابووری و هێزی سەربازی، بەهاکانی ئەمریکا و بەم پێیە ئاسایش و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دەپارێزێت؛ بەڵام ڕەگەزەکانی ئەم ستراتیژییە لە چوارچێوەی چەندان سیاسەتی دیکە لە ئاستی کردەییدا بەرجەستە دەبێت.

لەژێر ناونیشانی "ئەمریکا یەکەم"، دەوڵەت-تەوەریی یاخود دەوڵەتگەرایی (Statism)ی ڕیاڵیستەکان هەم لە ئاستی گوتار و هەم لە ئاستی ڕەفتار و سیاسەتدانانی ترامپدا بەرجەستە دەبێت. لەم چوارچێوەیەدا (National Protectionism) ترامپ بەنیازە ڕێساکانی ژینگەییی ئیدارەی بایدن بگەڕێنێتەوە دواوە و سنووردارکردنی هەڵکەندنی و دۆزینەوەی بیر و کێڵگەی نوێ بۆ کۆمپانیا نەوتییەکان ئاسان بکات و خەرجییەکانی دامەزراوە و دەزگە فیدراڵییەکان کەم بکاتەوە.

هەروەها ترامپ دەیەوێت کەمکردنەوەی باجی کۆمپانیاکان و کەمکردنەوەی باجی داهاتی کەسی بکاتە هەمیشەیی. جێگرەوە بۆ ئەم کەمکردنەوەیە (نزیکەی ٤,٥ تریلیۆن دۆلار) لە ڕێگەی باج و هەڵوەشاندنەوەی هەندێک لە سیاسەتەکانی بایدنەوە دەکرێت. جگە لەمانەیش، ترامپ بەنیازە 10%ی باج لەسەر هاوردەکردن و 60%ی باج لەسەر کاڵا چینییەکان دابنێت. هەروەها ترامپ بە دوای دوورکەوتنەوەی زیاتر لە چین دەگەڕێت. ترامپ لە ڕێگەی دیپۆرتکردنەوەی کۆچبەران و بەم پێیەیش کەمبوونی کرێکاریشەوە، دەتوانێت مووچە بەرز بکاتەوە. بەڵام پێ دەچێت لە خودی حزبی کۆماریدا ڕێگری هەبێت و ئەگەری دژایەتی لەلایەن دیموکراتەکان لە دادگەکانیشدا هەیە.

ئەمریکا لە سەردەمی"ترامپ"دا هەوڵی دا ئەم هەژموونەی خۆی لە ڕووی هێز و تواناوە بپارێزێت و ڕێگە لە وڵاتانی نەیاری خۆی، وەکوو ئێران و کۆریای باکوور و چین و ڕووسیا بگرێت کە ئاستی توانا و هێزیان بەرز بکەنەوە؛ چونکە ئەو کاتە دەبوونە هەڕەشە لەسەر ئاسایش و مانەوەی ئەمریکا. ئەم پاراستنی هەژموون و دابەشکردنی توانایانەیش دەبێتە هۆی پاراستنی "سیاسەتی نێودەوڵەتی" کە لە قازانجی ئەمریکادایە. بۆیە "ترامپ" لە ڕێگەی بەرزکردنەوەی بارگرژییەکانەوە هەوڵی سڕینەوەی بارگرژیی دەدا و، چەمکی Escalation For De-escalation دەتوانێت ستراتیژیی ترامپ لە ڕەفتار و سیاسەتی دەرەکیدا لە هەمبەر کۆریای باکوور و ئێران زیاتر ڕوون بکاتەوە. چونکە ترامپ بەهۆی پێگەی ئەمریکا و دابەشبوونی هێز لە پێکهاتەی سیستەمی نێودەوڵەتی، لە لایەك ڕێگە لە وڵاتە نەیارەکان دەگرێت کە هەڕەشە لە ئاسایشی ئەمریکا بکەن و، لە لایەکی تریشەوە لە ڕێگەی بەرزکردنەوەی تێچووی بارگرژی و پێکدادان و جەنگ لەگەڵ ئەمریکا، پێگەی ئەمریکا دەپارێزێت و ڕێگە لە بەرزبوونەوەی پێگەی وڵاتان لە ڕێگەی بەدەستهێنانی هەژموون و هێز دەگرێت و دابەشبوونی هێز لە ئاستی پێکهاتەی سیستەمی نێودەوڵەتی دەپارێزێت. ئەمەیش لە ڕێگەی گوشار، ئابڵووقە و سزا و گەمارۆی ئابووری و دارایی و دیپلۆماسیی هێرشبەرانە و تەنانەت هەڕەشەی هێرشی سەبازییەوە ئەنجام دەدات.

ترامپ لە بەڵگەنامەی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکادا زۆر گرنگی بە دەستەبەرکردنی ئاشتی و ئاسایش لە ڕێگەی هەڕەشەی بەکارهێنانی هێزی سەربازییەوە دەدات، نەک تێوەگلان لە جەنگ. بۆیە چەمکی "ئاشتیی زۆرەملێ"(Bullying Peace) دەتوانێت ئەم ڕوانگەیەی ترامپ ڕوون بکاتەوە. بەم واتایە کە ئەمریکا ئاشتی و ئاسایش لە ڕێگەی بەهێزبوون و هێزی سەربازییەوە، بەبێ بەکارهێنانی، دەستەبەر دەکات. هەر بۆیە "ترامپ" زۆر گرنگی بە ڕێککەوتن و هاوپەیمانێتییەکان و تەنانەت ڕۆڵی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان نادات.

بەم پێیەیش چەمکی "هاوپەیمانێتیی کەم-تێچوو" (Low -Cost Alliance) وێنای ڕەفتاری ترامپ دەکات لە دەرچوون لە ڕێککەوتننامەی کەشوهەوای پاریس، هەروەها ڕێککەوتننامەی "ترانس-پاسێفیك" و هەڕەشە لە وڵاتانی ئەوروپی بۆ کەمکردنەوەی بوودجەی "ناتۆ" و وەئەستۆگرتنی لەلایەن وڵاتانی ئەوروپی و تەنانەت داواکردن لە وڵاتانی دەوڵەمەندی عەرەبی، بەتایبەتی سعوودیا، بۆ وەئەستۆگرتنی تێچووەکانی جەنگ لە سووریا، هەروەها وتەکانی ترامپ لە هەمبەر هێزەکانی ئەمریکا لە کۆریای باشوور و هتد. بۆ نموونە هەڵوێستی ئەمریکا لە هەمبەر ڕێککەوتنی ئەتۆمیی ئێران و 5+1 و هاتنەدەرەوەی "ترامپ" لە ڕێککەوتنەکە، هەروەها هەڕەشەی هێرشی سەربازی بۆ سەر کۆریای باکوور و، لە بەرامبەردا ڕازیبوونی کۆریای باکوور بۆ ڕاگرتنی هەموو چالاکییە ئەتۆمی و مووشەکییەکانی، دەرهاوێشتەی ئەم سیاسەتەی ئیدارەی نوێی ئەمریکا دەبێت.

لەم چوارچێوەیەدا پێ دەچێت وەکوو خولی یەکەمی سەرۆکایەتییەکەی، گوشارەکانی ترامپ بۆ سەر دەوڵەتانی ئەوروپی بۆ گرتنەئەستۆی تێچوو و هێزی مرۆیی و بەشداریی سیاسی و بەرپرسیارێتیی وڵاتانی ئەوروپی بەردەوام بێت. بەم واتایە کە پێوستە لە لایەك دەوڵەتانی ئەوروپی لەگەڵ ئەمریکا لە ناوچەکەدا و لە ئاستی نێودەوڵەتی و تەنانەت سەبارەت بە ڕووسیا، هەروەها لەسەر پرسی کۆماری ئیسلامی هاوڕا بن و، لە لایەکی دیکەیشەوە ئەو بەرپرسیارێتییە بگرنە ئەستۆ و جێگەی هێزەکانی ئەمریکا بگرنەوە. بێجگە لەمەیش، ئەو وڵاتانە تێچووە سەربازییەکانی "ناتۆ" لە بری ئەمریکا بگرنە ئەستۆ، چونکە لە ڕاستیدا ترامپ پێی وایە، مەترسیی داعش و گرووپە تیرۆریستییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و، هەروەها مەترسییەکانی ئێران و بارودۆخی ناسەقامگیری ئەم ناوچەیە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ئاسایشی وڵاتانی ئەوروپی دادەنێت. بۆ نموونە لە 20-12-2019 دا ترامپ دەڵێت: "کشانەوە لە سووریا سوپرایز نەبوو، چونکە من ماوەی چەندان ساڵە بانگەشەی بۆ دەکەم؛ شەش مانگ پێش ئێستایش بەئاشکرا ڕام گەیاندووە کە دەمەوێ بکشێینەوە، بەڵام دواتر ڕازی بووم ماوەیەکی دیکەیش بمێنینەوە."

**تێگەیشتن لە دۆکترینی سیاسەتی دەرەکیی دۆناڵد ترامپ لە هەمبەر ئێران و ناوچەکە**

لە بەڵگەنامەی 68 لاپەڕەیی ستراتیژیی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا لە کۆتایی مانگی دێسەمبەری 2017 وەکوو یەکەمین بەڵگەنامەی ستراتیژیی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا لە سەردەمی سەرۆکایەتیی "دۆناڵد ترامپ"، ئاماژە بەوە دەدات کە ئێران لە ئاستی جیهانیدا ڕێبەرایەتیی تیرۆریزم دەکات. بۆیە ئێران سوود و قازانجی لە ناسەقامگیرکردنی ناوچەکەدا و، هەروەها بڵاوبوونەوەی چەك هەیە؛ ئەمەیش بە مەبەستی زیاترکردنی نفووزی خۆی لە ڕێگەی هاوپەیمان و هێزە نادەوڵەتییەکان کە "جەنگی بەنوێنەرایەتی"ی بۆ دەکەن. هەروەها ئێران سوود لە ململانێ هەرێمییە درێژخایەنەکان و لاوازی و داڕمانی دەوڵەتان یاخود ڕژیمەکانی ناوچەکە دەبینێت. لە لایەکی تریشەوە کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی پەرەپێدانی توانا مووشەکییە

بالستیکییەکان و توانا ئەتۆمییەکان و هەڕەشە سایبەرییەکان، هەڕەشە لە ئاسایشی دەوڵەتانی ناوچەکە و هەموو جیهان دەکات.

ڕۆژی 8-5-2018 دۆناڵد ترامپ، سەرۆککۆماری ئەمریکا، بەڵێنی هەڵمەتی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ئەمریکای لەمەڕ دەرچوونی لە ڕێککەوتننامەی ئەتۆمیی ئێران و وڵاتانی 5+1 جێبەجێ کرد. ئەم ڕووداوە بە یەکێك لە گرنگترین، ئاڵۆزترین و پڕمشتومڕترین بڕیارەکانی ئیدارەی ترامپ لە خولی یەکەمی سەرۆکایەتییەکەیدا دادەنرێت. هەروەها لە ڕۆژی 8-4-2019 دۆناڵد ترامپ، سەرۆککۆماری ئەمریکا، لە بڕیارێکی بێوێنەدا بەفەرمی پلانی ئیدارەکەی بۆ ناساندنی سوپای پاسدارانی ئێرانی وەکوو "ڕێکخراوێکی تیرۆریستی" ڕاگەیاند و سوپای پاسدارانی خستە ناو لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی بیانی. هەروەها ترامپ سیاسەتی زۆرترین گوشار (Maximum Pressure)ی لە دژی ئێران خستە بواری جێبەجێکردنەوە و لە ڕۆژی 22/4/2019، ئەمریکا داوای لەو وڵاتانەی کە نەوتی ئێرانیان دەکڕی، کرد کە دەست لە هاوردەکردن و کڕینی نەوتی ئەو وڵاتە هەڵگرن و لە ڕۆژی 2/5/2019وە هەر وڵاتێك پابەند نەبێت، ڕووبەڕووی سزا دەبێتەوە.

هەموو ئەمانەیش وای کرد، لە ڕێکەوتی (13-6-2019) لە کەنداوی عوممان نزیک لە گەرووی هورمز، هێرش بکرێتە سەر دوو کەشتیی نەوتهەڵگر و؛ ئیمارات، سعوودیا و نۆرویژ، نەتەوە یەکگرتووەکانیان ئاگادار کردەوە کە کەشتییە بازرگانییەکانیان لە سنووری ئاوییەکانی ئیماراتدا (فوجەیرە) کراونەتە ئامانج و زیانیان پێ گەیشتووە. دوو ڕۆژ دوای هێرشی سەر کەشتییەکان، حکوومەتی سعوودیا ڕای گەیاند کە لە ڕێکەوتی (14ی ئەیلوولی 2019 ) درۆن (فڕۆکەی بێفڕۆکەوان) دوو وێستگەی دەرهێنانی نەوتی سعوودیا، سەر بە دامەزراوەکانی کۆمپانیای ئارامکۆ - (Saudi Aramco)ی کردووەتە ئامانج و، دواتریش هێزە شیعەکانی حووسی لە یەمەن بەرپرسیارێتیی هێرشەکەیان گرتە ئەستۆ. پاش ئەوە لە ڕۆژی (20-6-2019) درۆنی RQ-4 Global Hawkی ئەمریکی لەلایەن ئێرانەوە خرایە خوارەوە؛ لە پاش خستنەخوارەوەی درۆنەکە، فەرماندەی سوپای پاسدارانی ئێران ڕای گەیاند، خستنەخوارەوەی فڕۆکە ئەمریکییەکە، پەیامێکی ڕوونە بۆ ئەمریکا. پاشان ڕۆژنامەی نیویۆرك تایمز بڵاوی کردەوە، سەرۆکی ئەمریکا ڕازی بووە هێرش بکرێتە سەر ئێران، وەك وەڵامێك بۆ تێکشکانی فڕۆکەکەی ئەمریکا؛ بەڵام کتوپڕ لە بڕیارەکەی پاشگەز بووەتەوە.

لە لایەکی دیکەوە، مایک پۆمپیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، لە "دامەزراوەی هێریتاج" (Heritage Foundation) لە ئەمریکا لە ڕۆژی 21-5-2018دا لە گوتارێکدا بە ناونیشانی "دوای ڕێککەوتنەکە: ستراتیژیی نوێ لەبارەی ئێران" (After the Deal: A New Iran Strategy) ستراتیژیی وڵاتەکەی لە سەردەمی ئیدارەی ترامپ لەبارەی ئێرانی خستە ڕوو.[2] ئەگەر بەوردی سەیری مەرجەکانی ئیدارەی ترامپ لە خولی یەکەمدا بکەین، دەبینین هیچ کام لەم مەرجانە تاوەکوو ئێستا جێبەجێ نەکراوە، بەڵکوو بگرە لە پاش ڕووداوەکانی ٧ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٢٣ و هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل، زۆربەی ئەم خاڵانە زیاتر لەلایەن ئێرانەوە پێشێل کراوە. بۆ نموونە، بەپێی دوایین ڕاپۆرتی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆمی، یەدەگی یۆرانیۆمی پیتێنراوی ئێران گەیشتووەتە زیاتر لە پێنج هەزار و 525 کیلۆگرام، کە نزیکەی یەک تۆن زیاترە لەو بڕەی کە چەند مانگ لەمەوبەر ڕاگەیەنرابوو (4 هەزار و 487 کیلۆگرام). ئەم ژمارانە بە شێوەیەکی بەرچاو لەو ٣٠٠ کیلۆیە زیاترە کە بەپێی ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکەی JCPOA ساڵی ٢٠١٥

ڕێگەپێدراوە کە بەپێی بڕیاری (2231)ی ئەنجومەنی ئاسایش چالاکییە ئەتۆمییەکانی تارانی سنووردار کردووە لە بەرامبەر هەڵگرتنی سزا نێودەوڵەتییەکان.

بەپێی ڕاپۆرتەکە ئێران نزیکەی 121.5 کیلۆگرام یۆرانیۆمی پیتێنراوی 60%ی بەرهەم هێناوە. لە کاتێکدا ڕێژەی پیتاندنی 90% پێویستە بۆ دروستکردنی چەکی ئەتۆمی، بەڵام کاریگەریی ئەم سنووربەزاندن و چالاکییانە ئەوەیە کە بە وتەی ئەنتۆنی بلینکن، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، ئێران ئێستا دەتوانێت تەنیا لە ماوەی یەک یان دوو هەفتەدا یۆرانیۆمی پێویست بۆ چەک (WGU) بەرهەم بهێنێت کە بتوانێت یەک بۆمبی ئەتۆمی (یان حەوت بۆمب لە مانگێکدا) دروست بکات. بە واتایەکی تر ئێران دەتوانێت ماددەی پێویست بەرهەم بهێنێت کە بۆمبێک دروست بکات پێش ئەوەی پشکنەرەکانی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆمی ئاگادار ببنەوە.

بەپێی زانیارییە نافەرمییەکان-ڕۆژنامەی "ئەلجەریدە"ی کوێتی- لەم ماوەیەی ڕابردوودا ئیدارەی بایدن پەیامێکی نهێنیی بۆ تاران ناردووە کە ئامادەیە بە چەند هەموارێکی کەم، ڕێککەوتنی ئەتۆمیی ساڵی ٢٠١٥ زیندوو بکاتەوە و لە بەرامبەریشدا ئێران چەند مەرجی هەبووە کە گەرەنتیی ئەوە بدرێت کە ئەمریکا میکانیزمی ماشە (snapback mechanism) چالاک ناکات و ئیدارەی داهاتوویش کە بە ئەگەری زۆرەوە ترامپە، لە ڕێککەوتنەکە دەرناچێت و، هەروەها پاش ئاشکراکردنی شوێنی بنکە و دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران بۆ ئاژانسی وزەی ئەتۆمی، ئەوە ئەو شوێنانە ناکرێنە ئامانج و ئەمریکا بەتەواوی پابەند دەبێت بە بەڵێنەکانییەوە لە بەرامبەر ڕاگرتنی چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێران.

لە بارودۆخی ئێستا و سەروبەندی خولی دووەمی سەرۆکایەتیی ترامپ، یارمەتیدانی سەربازیی ڕووسیا لەلایەن ئێرانەوە و، هەناردەکردنی درۆن بۆ ڕووسیا، ئێرانی ڕووبەڕووی ئالنگاریی توند و بێوێنە کردۆتەوە؛ هەر بۆیە کۆماری ئیسلامی بۆ بەهێزکردنی خۆی و ڕەواندنەوەی مەترسییە ناوخۆییەکان، هەوڵی داوە کەسێکی میانڕەوتر هەڵبژێرێت و لە ئاستی دەرەکیدا هەوڵی داوە بارگرژییەکان خاو بکاتەوە. بۆ ئەم مەبەستەیش کۆماری ئیسلامی هەوڵی داوە لە چین نزیک ببێتەوە و ئەم نزیکبوونەوەیەیش جگە لە پرسی شکاندنی گەمارۆکان و فرۆشتنی نەوت، جۆرێک لە دڵنیاییی دابووە ئێران لە ڕووی ئاسایشی و سیاسییەوە، بەڵام هاتنەسەرکاری ترامپ بە ئەگەری زۆرەوە ئەم هاوکێشەیە پێچەوانە دەکاتەوە و هاتنەسەرکاری پزیشکیان ئاماژەیە بۆ دوورکەوتنەوە لەم ستراتیژییە، چونکە چینیش بەدڵەڕاوکێوە دەڕوانێتە خولی دووەمی سەرۆکایەتیی ترامپ.

ئەمریکای سەردەمی ترامپ، چین بە هەڕەشە و پرسی یەکەمی ئاسایشی ئەمریکا دادەنێت، بەڵام لە زۆر بوار و پرس پێکەوە هاوکاری دەکەن، چونکە جگە لە قەبارەی گەورەی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی دوولایەنە، هەروەها ئاستی بەرزی پێکەوەگرێدراوی ئابووریی چین و ئەمریکا، چین تاوەکوو ئێستا بەرژەوەندییەکانی لەم سیستەمەدا پارێزراو بووە و پشکی شێری بەرکەوتووە. هەموو ئەمانە لە کاتێکدایە کە ئەمریکا دەیەوێت مەترسیی یەکەم کە چینە کۆنترۆڵ بکات و، لە لایەکی دیکەیشەوە ترامپ دەیەوێت ڕووسیاش لە ڕێگەی ئەورووپییەکانەوە هاوسەنگ بکاتەوە و، بەم پێیەیش کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چیتر ئەولەوییەتی سەرەکیی ئاسایشی نەتەوەییی ئەمریکا لە سەردەمی ترامپدا نین.

تەنانەت ڕێککەوتنی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ سعوودیا لە چین و هەمیش لەگەڵ ئیمارات و،

هەم ڕێککەوتنی ئەمنی لەگەڵ عێراق لەلایەن عەلی شەمخانی، ئەمینداری گشتیی ئەو کاتەی ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەییی کۆماری ئیسلامییەوە واژۆ کراوە و، ئەمەیش دەربڕی ئەو ڕاستییەیە کە پرسەکە بۆ کۆماری ئیسلامی پرسێکی ئەمنییە و ئەم بڕیارانە لەلایەن خودی "ئایەتوڵڵا خامنەیی" بڕیاری تایبەتی لەسەر دراوە.

لە لایەکی دیکەیشەوە، کۆماری ئیسلامی هەوڵی داوە کە بەنهێنی بارگرژییەکانی لەگەڵ ئەمریکادا خاو بکاتەوە بۆ ئەوەی ئەمریکا هەم سزاکان سووکتر بکات و هەمیش ڕێگە لەوە بگرێت کە ئەمریکا لەگەڵ ئەورووپییەکان بەهۆی هەڵە ستراتیژییەکەی ئێران سەبارەت بە ناردنی مووشەک و درۆن بۆ ڕووسیا لە جەنگ دژی ئۆکراینا، هەروەها بەبنبەستگەیشتنی دانوستانەکانی ژیاندنەوەی ڕێککەوتنی ئەتۆمی و لەم چوارچێوەیەیشدا بەرزکردنەوەی ئاست و ڕێژەی پیتاندنی یۆرانیۆم و چالاکیی نهێنی و ڕێگەگرتن لە ئاژانسی وزەی ئەتۆمی بۆ چاودێریکردنی چالاکییە ئەتۆمییەکان و...، لە سەردەمی ترامپدا سزا و ئابڵووقەی قورس بەسەر ئەو وڵاتەدا بسەپێنرێت. بەپێی زانیارییە نافەرمییەکان لە چەند مانگی ڕابردوودا، بە فەرمانی ئایەتوڵڵا خامنەیی، "عەلی شەمخانی"، سکرتێری پێشووی ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانیی ئێران، کراوەتە بەرپرسی دانوستانەکانی دۆسیەی ئەتۆمی و، ئەم پرسە لە دەسەڵاتی کابینەی ڕەئیسی نەبووە.

تەنانەت ئێران ترسی هەیە کە لەم کاتە هەستیارەدا و بە هاتنەسەرکاری ترامپ، ئەورووپییەکان سوپای پاسداران بخەنە لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی یەکێتیی ئەورووپاوە و ئەمەیش دۆخەکە بۆ ئێران زیاتر لە جاران لە ناوچەکەدا مەترسیدار بکات. لەمەیش مەترسیدارتر بۆ ئێران لە سەردەمی خولی دووەمی سەرۆکایەتیی ترامپ ئەوەیە کە بەهۆی ئەم کێشە و هاوکێشە نوێیە ناوخۆیی و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییانە، ئیسرائیل بە هاوکاریی ئیدارەی ترامپ لە ئەمریکا و گلۆپی سەوزی ئەورووپییەکان بەهۆی یارمەتیدانی ڕووسیا لە جەنگ لە ئەوروپا، هەم یارمەتیی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و خۆپیشاندەران بدەن بۆ ڕووخان یان لانی کەم لاوازکردنی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی و هەمیش پێکەوە پلان و بەرنامەی بەکارهێنانی هێزی سەربازیی سنووردار لە دژی بەرنامە ئەتۆمی و مووشەکییەکانی ئێران دابڕێژن و پلانەکە بخەنە بواری جێبەجێکردنەوە.

بە بڕوای ئێرانییەکان پلانی ئەمەیش لە وتارە ٥٣ خولەکییەکەی بنیامین ناتانیاهۆ لە ٢٤-٧-٢٠٢٤ لە بەردەم کۆنگرێسی ئەمریکا بەڕوونی خرایە ڕوو کە ناتانیاهۆ وتی: ئێران سەرەتا دەیەوێت شەڕی ئێمە بکات، دواتر شەڕی ئەمریکا. هەر بۆیە ئەم شەڕەی ئێمە دەکەین، شەڕی ئەمریکایە. پێکەوە دەجەنگین و پێکەوە سەر دەکەوین؛ چونکە دەرەنجامەکە ئەوەیە کە تەنیا بە پێکهێنانی هاوپەیمانییەک (هاوپەیمانیی ئیبراهیم) لە وڵاتانی ڕۆژاوا و ئیسرائیل، مەترسیی ئێران بۆ سەر شارستانییەتی ڕۆژاوا لا ببرێت.

**کۆبەند**

پێشووتر و لە سەردەمی خولی یەکەمی سەرۆکایەتیی ترامپ، کۆماری ئیسلامیی ئێران سیاسەتی "**پشوودرێژیی ستراتیژی**" و "**دانبەخۆداگرتنی ستراتیژی**"ی لە چوارچێوەی سیاسەتی "ئایەتوڵڵا خامنەیی"، ڕێبەری باڵای کۆماری ئیسلامی، لە هەمبەر ئەمریکا، ناسراو بە "نە دانوستاندن و نە جەنگ"، گرتبووە بەر. لە بەرامبەردا، دۆناڵد ترامپ بە بەرزکردنەوەی گوشار و پاڵەپەستۆ لە ڕێگەی سزا و ئابڵووقەکانەوە بۆ سەر ئێران و، هەروەها هەڕەشەی ئەوەی کە ئەگەر ئێران هەر هێرشێکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ (لە ڕێگەی

هێزە بەنوێنەرایەتییەکانییەوە) بکاتە سەر بەرژەوەندی و هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی، ئەوە ڕاستەوخۆ کۆماری ئیسلامی بەرپرسیار دەبێت و ڕووبەڕووی گورزی سەربازی دەبێتەوە، وای کرد کە ئاستی بارگرژییەکان بەرز ببێتەوە.

لە ئێستادا، تیمی بی (B-team) وەکوو ئاماژەی محەمەدجەواد زەریف، وەزیری دەرەوەی پێشووی ئێران (بۆلتۆن و بن سەلمان و بن زائد و بنیامین ناتانیاهۆ) وەکوو کەسانێک کە دەیانەویست ترامپ و ئەمریکا بەرەو جەنگێکی نەخوازراو لەگەڵ ئێران بەرن، نەماون. بەم واتایە کە بۆلتۆن لا دراوە، بن سەلمان و بن زائد چیتر دوژمنایەتیی ئێران ناکەن و بنیامین ناتانیاهۆش لە دۆخێکی نالەباری ناوخۆیی و لەژێر گوشاری ئاسایشیدایە. هەر بۆیە هەوڵەکانی ئێران بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەم چوارچێوەیەدایە کە ترامپ چیتر وەکوو خولی یەکەمی سەرۆکایەتییەکەی نەتوانێت وڵاتانی دراوسێی نەیار و ئیسرائیل لە دژی ئێران بەکار بێنێت.

ڕاستییەکی دیکە ئەوەیە کە سەڕەرای نیگەرانییەکانی ئەمریکا لە سەردەمی ترامپ، بەڵام کۆماری ئیسلامی ئەگەر لە ئاستی ناوخۆییەوە ڕووبەڕووی هەڕەشەی ڕاپەرینی جەماوەری هاوشێوەی ٢٠٢٢ نەبێتەوە و لە ڕووی ئابوورییەوە بتوانێت بە شێوەیەکی ڕێژەیی بارودۆخەکە جێگیر بکات، دەتوانێت لە سەردەمی سەرۆکایەتیی داهاتووی ترامپدا کۆنترۆڵی بارگرژییەکان بکات، چونکە ئێران ئێستا بەباشی ترامپ دەناسێت و ئەزموونی لە خولی یەکەمی سەرۆکایەتییەکەی وەرگرتووە.

لە ڕوانگەیەکی دیکەوە، یەکێك لە سیاسەتەکانی ئێران لە هەمبەر ئەمریکا لە چوارچێوەی ئەزموونی لە خولی یەکەمی ترامپ، بریتی دەبێت لەوەی کە بەهۆی بەرزکردنەوەی ئاستی بارگرژییەکان و ترسی سەرهەڵدانی جەنگی نێوان ئێران و ئەمریکا، لە لایەك دەزانێت ترامپ جەنگی ناوێت و خۆی لێ بەدوور دەگرێت و، لە لایەکی تریشەوە ناکۆکی و لێکترازان لە خودی ئەمریکا لە نێوان کۆمارییەکان و دیموکراتەکان دروست بکات. بەم واتایە کە ئێران ئەم سیاسەتەی بەپێی دوو لێکدانەوە یاخود ڕاستی پەیڕەو دەکات: یەکەم، بەڵێنی خودی ترامپ لە بەرامبەر ڕای گشتیی ئەمریکا کە خوازیاری تێوەگلان لە جەنگێکی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نییە و، دووەم دژبەرانی ترامپ، بەتایبەتی دیموکراتەکان لە کۆنگرێس و بەتایبەتی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا بەهۆی ئەگەر و هەڕەشەی سەرهەڵدانی جەنگ، ترامپ سنووردار بکەن.

ئەم دوو گریمانەیە وا دەکات کە ئێران بەبێ دڵەڕاوکێیەکی ئەوتۆ لە کاردانەوەی سەربازیی ترامپ، ئاستی بارگرژییەکان بەرز بکاتەوە بۆ ئەوەی لە پێگەیەکی بەرزترەوە مامەڵە لەگەڵ ئەمریکا بکات و تەنانەت ئەمریکا ناچار بکات پاشەکشە لە گوشار و سزاکانی سەر ئێران بکات. هەروەها بەهۆی گوشاری ناوخۆییەوە بۆ دوورکەوتنەوە لە جەنگ، دۆناڵد ترامپ ناچار بکات کە دانوستاندن لەگەڵ ئێران دەست پێ بکات؛ ئەمەیش لە ڕێگەی کەمکردنەوەی سزاکان بۆ کردنەوەی دەرگەی دانوستاندن و گفتوگۆکان لەگەڵ ئێران. ئامرازی سەرەکیی ئەمەیش هێزە چەکدارە شیعە و بەنوێنەرایەتییەکانی لایەنگری ئێرانە لە ناوچەکەدا، چونکە ئێران بەم کارەی، دەیەوێت سنووری بارگرژی و جەنگ وا بەرفراوان بکات کە لە ئەگەری هەر جەنگێك کۆی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یاخود لانی کەم ناوچەی کەنداو بگرێتەوە. ئەمەیش ئەگەری وەڵامدانەوەی سنووورداری سەربازیی ئەمریکا زۆر لاوازتر دەکات و، بەهۆی لێکەوتە چاوەڕواننەکراوەکانی لە ناوچەکەدا ڕەوایەتیی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیی پێ نادات.

بەڵام ئەوەی کە ئەم هاوکێشە دەتوانێت پێچەوانە بکاتەوە، دەستپێڕاگەیشتنی ئێرانە بە چەکی ناوکی و، هەروەها ئەگەری ئۆپەراسیۆنی سەربازیی ئیسرائیلە بۆ سەر دامەزراوە ئەتۆمی و مووشەکییەکانی ئێران کە وا دەکات ئەمریکا لە جەنگێکی نەخوازراودا تێوە بگلێت. چونکە ڕێگەگرتن لە دەستێوەردان و پەلهاوێشتنەکانی ئێران لە ناوچەکە و، هەروەها دەستپێڕاگەیشتنی ئێران و ئەکتەرە سەرکەشەکانی تر (Rouge States) بە چەکی ئەتۆمی و کۆکوژ بۆ تێکدانی هاوسەنگیی هێز و هەڕەشە لە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لەم ناوچەیە، بنەمایەی ستراتیژیی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکایە. هەروەها خودی کەسایەتیی ترامپ ئێران نیگەران دەکات کە نایەوێت وەکوو شکستخواردوو هەژمار بکرێت و بکەوێتە بەر ڕەخنەی لایەنگرانی ئیسرائیل و کۆمارییەکان لە ناوخۆی ئەمریکا و، لە ئاستی نێودەوڵەتیدا وەکوو ئەکتەرێکی لاواز دەربکەوێت. جگە لەمانەیش، گوشاری ترامپ و هەوڵی لێکنزیککردنەوەی وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیل کە لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی "ئاشتیی ئیبراهیم" (Abraham Accords) دەستی پێ کردووە، کە ئاستی ڕەوایەتیی نێودەوڵەتی و تەنانەت ئاسایشی هەرێمایەتیی ئیسرائیل بەرز بکاتەوە، ئەو گۆڕانکارییەیە کە ئێران بەرەوڕووی دڵەڕاوکێی ئاسایشی دەکاتەوە.

جگە لەمانەیش، یەکێک لە بنەما ستراتیژییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ترامپ، ڕێگەگرتنە لە باڵادەستیی ئەکتەر و هێزە سەروناوچەییەکانی نەیاری ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەکوو: ڕووسیا و چین کە بە سیاسەتی هاوسەنگی لە ڕێگەی دوور (Off-shore balancing) دەناسرێت. هەر بۆیە ئێران ئەو ڕاستییەیش دەزانێت کە پێداگریی ترامپ لەسەر هاوکاری لەگەڵ هاوپەیمانەکان دەربارەی ئێران، گرنگیی زۆری لەسەر داهاتووی ستراتیژیی ئەمریکا لە هەمبەر ئێران هەیە. ئەم پێداگرییە دەتوانێت دڵنیاییی زیاتر بداتە ئیسرائیل و دەوڵەتانی سوننەی ناوچەکە وەکوو سعوودیا و، هەروەها دەتوانێ ئەورووپییەکانیش لەگەڵ ئەمریکادا بۆ سنووردارکردنی ڕۆڵی تێکدەرانەی ئێران هەماهەنگ بکات. بۆیە ئەمریکا دەیەوێت لەگەڵ وڵاتانی دژی ئێران لە ناوچەکە و، هەروەها هاوپەیمانە ئەورووپییەکان، ئێران گەمارۆ و سزا بدات. تەنانەت پێشبینی دەکرێت کە ئێران وەکوو کارتی دانوستان لەلایەن ڕووسیا و چین کەڵکی لێ وەربگیرێت.

بۆیە لە ئێران و لە ئاستی ناوخۆییدا ئایەتوڵڵا خامنەیی ڕێگەی دا پزیشکیان بێتە سەرکار و لە ئاستی دەرەکییشدا هەوڵ دەدات بە کارتی حەماس و پاشان فەڵەستینییەکان و بەتایبەتی حزبوڵڵا و حووسییەکان و میلیشیا عێراقییەکان ئەم هەڕەشانەی ئیسرائیل کۆنترڵ بکات. جگە لەمانەیش، بە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە دەیەوێت کارتەکانی بەردەست ترامپ و ئیسرائیل لاواز بکات.

لەم چوارچێوەیەدا، دەتوانین بڵێین کە لە سەردەمی خولی دووەمی سەرۆکایەتیی دۆناڵد ترامپ، هەموو هاوکێشەکانی ناوچەکە لەژێر کاریگەریی داینامیزمی پێکدادان و ململانێ و، هەروەها دانوستانی ئێران و ئەمریکا لە لایەک و چین و ئەمریکا لە لایەکی دیکەوەدا دەبێت. جەختکردنەوەی زۆری ترامپ لەسەر پرسی ئابووری و بەتایبەت دارایی ئێران لە پاش ڕێککەوتنی ئەتۆمی، دەربڕی ئەوەیە کە ترامپ هەوڵ دەدات دووبارە کەناڵ و دەرچەکانی دەستپێڕاگەیشتنی ئێران بە سەرچاوە داراییە نێودەوڵەتییەکان بلۆك بکاتەوە و ڕێوشوێنی تایبەت لەم بوارەدا بگرێتە بەر. هەروەها ئەوە دەردەخات کە ئەمریکا لە هەوڵی سەپاندنی سزا و گەمارۆی نوێی ئابووری و داراییدایە بەسەر کۆماری ئیسلامیدا. ئەمەیش پەیامێك دەبێت بۆ دەوڵەتانی ئەورووپی و ڕووسیا و چین کە لەوانەیە ئەوانیش بەهۆی پەیوەندیی بازرگانی و ئابووری و دارایی لەگەڵ ئێران بەڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بکەونە بەر ئەو گەمارۆ و سزا دارایی و ئابوورییانەوە. هەر بۆیە دەبێت چاوەڕێی هەردوو سیناریۆی بەرزبوونەوەی پێکدادان و بارگرژییەکان و، هەروەها دانوستان و

ڕێککەوتنیش بین، کە کاریگەریی لەسەر سەقامگیری و ئاسایشی عێراق و هەرێمی کوردستان دەبێت.

*Make America Great Again-* [1]

[2] – پۆمپیۆ، دوازدە(١٢) مەرجی بۆ گۆڕانکاری لە سیاسەت و ڕەفتاری ئێران دانا کە بریتیبوون لە:

١- دەبێت ئێران تەواوی ڕەهەندە سەربازییەکانی پێشووی سیستەمی ناوکیی خۆی ئاشکرا بکات و بەردەوام ڕێگە بە پشکێنەرانی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆم بدات پشکنین بکات.

٢- ئێران دەبێت پیتاندنی یۆرانیۆم ڕابگرێت و هیچ کاتێك هەوڵ نەدات کار لەسەر پیتاندنەوەی پلۆتۆنیۆم بکات و، هەروەها ڕیئەکتۆری ناوکی، ئەوەی بە ئاوی قورس کار دەکات، دابخات.

٣- ئێران پێویستە مۆڵەتی بێسنوور بە ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆم بدات لەوەی کە دەستی بە هەموو دەزگە ناوکییەکان ڕابگات، بە سەربازی و ناسەربازییشەوە.

٤- ئێران دەبێت سنوورێک بۆ بڵاوکردنەوەی مووشەکی بالیستی و هەڵدانی ئەو مووشەکانەی کە دەکرێت کڵاوەی ناوکی هەڵبگرن، دابنێت.

٥- دەبێت ئێران هاووڵاتیانی ئەمریکی و هەموو هاووڵاتیانی وڵاتانی هاوپەیمانی ئەمریکا کە بەندی کردوون، ئازاد بکات.

٦- پێویستە ئێران سنوورێک بۆ پشتیوانیکردن لە گرووپە تێرۆرستییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، وەکوو حزبوڵڵا و بزووتنەوەی حەماس و جیهادی ئیسلامی، دابنێت.

٧- ئێران دەبێت ڕێز لە حکوومەتی عێراق بگرێت و، ڕێگە بدات کە ملیشیا شیعەکان چەك بکرێن.

٨- دەبێت ئێران سنوورێک بۆ پشتیوانیکردنی حووسییەکانی یەمەن دابنێت و، هەروەها بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی سیاسی لە یەمەن، کار بکات.

٩- ئێران دەبێت پاشەکشە بە هەموو هێزەکانی خۆی و، هەروەها هێزەکانی ژێر فەرمانی لە سووریا بکات.

١٠- ئێران دەبێت کۆتایی بە پشتیوانیکردنی لە تاڵیبان و قاعیدە و ڕێکخراوی دیکەی تێرۆریستی لە ئەفغانستان بهێنێت.

١١- ئێران دەبێت کۆتایی بە پشتیوانیکردنی فەیلەقی قودسی سوپای پاسداران، لە تیرۆریستان و هاوپەیمانە میلیشیاییەکانی لە جیهاندا، بێنێت.

١٢- پێویستە/دەبێت ئێران کۆتایی بەو ڕەفتارانەی کە جێی هەڕەشەن بۆ سەر دراوسێکانی، کە زۆربەیان هاوپەیمانی ئەمریکان، بێنێت. ئەمە مەسەلەی هەڕەشەی وێرانکردنی ئیسرائیل و لەناوبردنیشی دەگرێتەوە؛ هەروەها هاوێشتنی مووشەک بۆ سەر سعوودیا و ئیمارات و هەڕەشەکردن لە هاتوچۆی دەریایی و هێرشی ئەلیکترۆنییش دەگرێتەوە.